# ئاسۆی بزووتنەوەی کرێکاری لە ساڵی ١٣٨٧دا

**نوسینی: موحەمەد حوسێن**

**وەرگێڕانی: یوسف عەلی پور**

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕێکەوتی ١٣٨٧/١/١٥دا نوسراوە و لەودا ئاماژە بە چەند خاڵی وەک ( ئازادیی مەحمودی ساڵحی و یان کۆتایی هاتن بە قەیرانی کۆمیتەی هاوئاهەنگی) کراوە کە هێشتا وەدی نەهاتبوون.**

## هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری

بۆ تاوتوێ کردنی ئاسۆی بزووتنەوەی کرێکاری لە ساڵی ١٣٨٧دا پێویستە کە سەرەتا چاوێك بە سەر ڕەوتی خەباتی چینایەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا بخشێنین. بە بێ تێڕوانینێکی ڕاستەقینە بە سەر هەلومەرجی بزووتنەوەی کرێکاریدا، ناتوانین ئاسۆی ڕاستەقینەی ئەو بزووتنەوەیە ڕەچاو بکەین و لە ئاکامدا لێکدانەوەی ئێمە لە ئاسۆی بزووتنەوەی کرێکاری لە داهاتوودا و لە ساڵی ١٣٨٧یشدا، لە ڕاستیەکان دوور دەکەوێتەوە. دوای دوو دەیە نسکۆ و پشووبڕییەکی توند لە ساڵی ١٣٦٠ هەتا ١٣٨٧، بزووتنەوەی کرێکاری بۆ جارێکی تر وەگەڕ کەوت و هاتەوە مەیدان. لەم ماوەی ئەم ساڵانەدا شایەتی بە دەیان مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاری بووین. لە ئاکامی ئەو ناڕەزایەتی و مانگرتنانەدا ژێرپێی سەرمایەداران وەلەرزە هات و لە هەموو پێداویستیەکانیان کەڵکیان وەرگرت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پاشەکشە بەو بزووتنەوەیە بکەن. بەڵام ئیتر سەردەمی سەرکوتکاریەکانی دەیەی ١٣٦٠ تێپەڕیوە و ناتوانن ڕۆژانە بە دەیان کەس بکوژن و لە ناویان بەرن. خەباتی چینایەتی بەرەو پێش چووە و دەسکەوتی خۆیشی هەبوە. دوای مەراسیمی ساڵی ١٣٨٣ لە سەقز و هێرش بۆ سەر ئەو مەراسیمە، قۆناغێکی نوێی خەبات بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە چینایەتیەکان دەستی پێکرد و لە گێرەوداری ئەم ململانێ چینایەتیەدا چەندین کۆمیتەی بەدواداچوون پێکهاتن و چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری زیاتر خۆیان لە گۆڕەپانی خەباتدا دەرخست. کۆمیتەی بەدواداچوون و کۆمیتەی هاوئاهەنگی یەکێتی کۆمیتەکانی کرێکاری، پێکهاتن و سەندیکای شیرکەت واحید بە بێ وەرگرتنی ئیزن نامە، بوونی خۆی ڕاگەیاند و مانگرتنێکی گەورەی لە تاران بەڕێوە برد. ژمارەیەك لە کەسایەتییە ئاشکرا و نیوە ئاشکراکانی چالاکی کرێکاری هاتنە مەیدان و مەراسیمی ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە چوارچێوەی ماڵەکان هاتە دەرێ و لە سەر شەقامەکان بەڕێوە چوو. پێکهاتنی شورای هاوکاریی ڕێکخراوەکان و چالاکانی کرێکاری یەکێکی دیکە لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەم قۆناغەدا بوو. ڕێژەی مانگرتنە کرێکاریەکان و ناڕەزایەتیەکانی سەرشەقامی ئەوان لەم چەند ساڵەدا گەشەیەکی بەرچاوی هەبوە و دەسەڵاتی سەرمایەدارانی چەند هەنگاو بەرەو دواوە پاڵ پێوە نا. کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە دوای مانگرتنە گەورە و شکۆدارەکەیان لە هەوڵی پێکهێنانی سەندیکای خۆیان دابوون کە لە گەڵ دەست بە سەر کردنی نوێنەرەکانی خۆیان لە لایەن ڕژیمەوە بەرەو ڕوو بوون. سەرجەمی ئەوانە دەرخەری گەشەی ناکۆکییە چینایەتیەکانە، بەڵام پێویستە بزانین پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاری تا چ ئاستێك

گەشەی کردوە و لە چ هەلومەرجێك داین. ئایا لە قۆناغی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانە داین؟ ئایا هاوسەنگیی هێز ئەو ئیزنەمان پێدەدات کە تاکتیکە هێرشبەرانەکانی خۆمان بخەینە بەرنامەی کارمانەوە؟ ئایا ئاستی خەباتی کرێکاران لە چوارچێوەی سەرمایەداری واوەتر چوە؟ چەند لە سەدی کرێکاران هاتوونەتە نێو گۆڕەپانی خەباتێکی بە کردەوە و بەربلاوەوە؟ و لە ئاکامدا ئایا چینی کرێکار لە سەرجەم بەرەکاندا دەستی داوەتە بەربەرەکانێ لە گەڵ سەرمایەداری؟

خەباتی کرێکاران دەبێ لە چەند لایەنەوە تاوتوێ بکەین. یەکەم ئەوەیکە خەباتی کرێکاران لەم چەند ساڵەی دواییدا بە زۆری لە پەیوەند لە گەڵ حەقدەستە دواخراوەکان و یان داخرانی ناوەندەکانی بەرهەم هێنان دابوە. هەڵبەتە نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە داخوازیەکانی چینی کرێکار هەمیشە سەرچاوەکەی لە قەیرانی سەرمایەداری دایە، بەڵام شێوەی دەربڕینی و پانتایی دەربڕینەکەی خاڵێکی پڕ بایەخ و چارەنوس سازە. یانی ئەگەر هەر ئەو حەقدەستە دواخراوانە و داخرانی کارخانەکان لە زۆربەی پیشەسازیەکاندا بوایە، ئاشکرایە کە بزووتنەوەیەکی گشتگیر و سەرتاسەری سەری هەڵدەدا، بەڵام ئەوە هەلومەرجی ئابووریی سیستمی سەرمایەداری لە ئێراندا نییە. بە واتایەکی دیکە ئەم شێوازەی قەیران داوێنگیری زۆربەی پیشەسازیەکان نەبوەتەوە و دەسەڵاتی سەرمایەداریی ئێران بە پشت بەستن بە بودجەی نەوت، پێشی بە سەرهەڵدانی قەیرانێکی لەم چەشنە لە ئاستی سەرانسەریدا گرتوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەیتوانیوە و ناشتوانێت تاوەکو لەو کارخانانەی کە داخراون و تووشی قەیران بوون، گرفتەکە چارەسەر بکات. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا شایەتی بە دەیان ناڕەزایەتی، کۆڕوکۆبوونەوە و بەستنی جادەکان بووین لە لایەن ئەو کرێکارانەی کە یان کارخانەکەیان داخرابوو و یان حەقدەستەکانیان وەرنەگرتبوون. زۆربەی جارانیش دەوڵەتی سەرمایەداریی ئێران بێجگە لە سەرکوت هیچ ڕێگەچارەیەکی تری نەبوە. کەوابوو دۆلارەکانی نەوت یان لە گیرفانی سەرمایەداراندا ون دەبێت یان خەرجی کاروبارە سەرسوڕهێنەرەکانی چەکداری دەکرێت و یان تا ڕادەیەکیش یارمەتی بە لە گەڕ نەکەوتنی پیشەسازیە گەورە و بنچینەییەکان داوە. هەرچەندە خەباتی چینی کرێکار لە ئێران لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا تەنیا لە چوارچێوەی کارخانە قەیراناویەکاندا بەرتەسك نەکراوەتەوە و خەبات بۆ بردنە سەری حەقدەستەکان، بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنە کاتیەکان و بۆ زۆر داخوازی تری لەم چەشنەش لە ئارا دابوە، بەڵام ئەو خەباتە بە چەند قات نمودێکی کەمتریان لە چاو کارخانە قەیراناویەکاندا هەبوە. کەوابوو لە گۆڕەپانی خەباتدا بەشی چکۆلەتری چینی کرێکار بە شێوەیەکی بەرین و بەربلاو ئامادە بوە و بەشە زۆرەکەی لە ریزی دواوە و بە شێوەیەکی کەمڕەنگتر جموجۆڵیان کردوە. لە لایەکەوە خەباتی سەرجەمی چینی کرێکار هەمووی لە یەك ئاستدا نەبوە و لە لایەکی دیکەوە داخوازیەکانی ئەو زیاتر لە چوارچێوەی دەستەبەر کردنی حەقدەستە وەدواخراوەکاندا بوە. هەرچەندە لە رەوتی خەباتی کرێکاران و ئەو تێکهەڵچوونانەی کە روویاندا، خەباتەکە رەنگ و بۆنی سیاسی بە خۆیەوە گرت و لە بنەڕەتدا هەمیشە داخوازیەکانی کرێکاران چەشنێك لە هەڵوێستی سیاسیشی تێدایە، بەڵام ئەوە بە مانای یەکبوونی خەباتی ئابووری و سیاسی نییە. خەبات لایەنی جۆراوجۆری هەیە و لە رەوتی روو لە گەشەی خۆیدا دەتوانێت شێوازی سیاسی بە خۆیەوە بگرێت. خەباتی چینی کرێکار هێشتا وەکو شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ نەگەیشتوەتە ئاستی مانگرتن و خۆپیشاندانی سەرانسەری و هەر لە چوارچێوەی داخوازیە سەرەتاییەکانی چینی کرێکاردا لە ئارادایە.

خاڵێکی دیکە کە جێگەی لێ ورد بوونەوەیە، خەباتی پەرش و بڵاو و خۆڕسکی بزووتنەوەی کرێکارییە. خەباتی کرێکاری بە بێ پەیوەندی لە گەڵ بەشەکانی دیکە و بە بێ بەردەوامبوون بەڕێوە دەچێت و هەر لە سەر ئەو ئەساسە گیرۆدەی لاوازی و ناشێلگیری بوە. لە رەوتی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکارانی یەکەیەکی پیشەسازیدا، سەرجەم بەشەکانی دیکە بۆ پشتیوانی لەو

بەشە راناپەڕن و لە ئاکامدا ئەگەری شکستی ئەو ناڕەزایەتی و مانگرتنە زیاتر دەبێت. لە لایەکی دیکەوە چونکە خەباتی کرێکاران ڕەوتێکی وشیارانەی بە خۆیەوە نەگرتوە، درێژەی نابێت و خۆڕسك و کاتییە. ئێمە شایەتی ڕێژەیەکی بەرچاو لە مانگرتن و ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان بووین کە بە بێ ئەوەی لە گەڵ یەکتری لە پەیوەندی دابن و بە بێ ئەوەیکە پشتیوانی لە یەکتری بکەن، وەڕێ خران و ئەو نەبوونی پەیوەندییە بزووتنەوەکەی تووشی نسکۆ کردوە و بەربەرست دەخاتە سەر ڕێگەی گەشە کردنی. ئاشکرایە ئەوەیکە دەتوانێت بزووتنەوەکە لەم شێوازە خۆڕسکی و پەرش و بڵاویە رزگار بکات، ڕێکخراو بونیەتی. ئەو هەوڵانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە لایەن ژمارەیەك لە بەشە کرێکاریەکان و چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاریەوە خراونەتە گەڕ و لە بەرامبەریشدا لە گەڵ سەرکوت بەرە روو بوون. هەرچەندە خەبات بۆ ڕێکخراوبوون تا ئێستا بۆ خۆی دەسکەوتی زۆری هەبوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت تا ئێستا وەدی نەهاتوە و چینی کرێکار هەروا چینێکی بێ ڕێکخراوە و ئەو مەسەلەیە بە توندی لە سەر ڕەوتی خەباتی چینی کرێکار کاریگەری نەرێ دادەنێت. پەیوەندیی خەباتی کرێکاران لە گەڵ ڕێکخراوبوونی چینایەتییان، راستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر یەکتری هەیە. بە هەر رادەیەك کرێکارەکان ڕێکخراوتر بن، دەتوانن ڕەوتی خەبات و پەیوەندیی نێوانیان زۆرتر بکەن و لە ئاکامدا پاشەکشە بە سەرمایەدارەکان بکەن. بەڵام خەباتی خۆڕسك ڕەوتێکی دژوار و درێژماوەیە، کە ئاسۆیەکی روونیشی لە پێش نییە. ڕێکخراوبوونی کرێکاران نەتەنیا ڕەوتی خەباتەکە خێراتر دەکات، بەڵکو بوارێکی زۆر لەباریشە بۆ بڵاو کردنەوەی تۆوی وشیاریی سۆسیالیستی لە نێو کرێکارانیشدا.

ئەو کۆمەڵە راستییانەی کە باسکران ئێمە دەگەیەنێتە باسی هاوسەنگیی هێز، یان بە واتایەکی دیکە هەلومەرجی چینی کرێکار وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر سەرمایەدا، هێشتا بەو ئاستە نەگەیشتوە تا بتوانێت بە شێوەیەکی هێرش بەرانە چالاکیی بکات. خەباتی نێوان پرۆلتاریا و بۆرژوازی ڕێك هەر وەکو شەڕێك وایە کە دەبێ سەرجەم لایەنەکانی و لە ئاکامدا هاوسەنگی هێزەکەش لێك بدرێتەوە. دەبێ بزانی لە هەلومەرجی ئێستادا بە چ ڕێژەیەك لەم هێزە و هەتا کوێ لە بەرامبەر سەرمایەداریدا خەبات دەکەن. دەبێ سەرجەم پێداویستیەکان، دەرفەتەکان و هەلومەرجەکە تاوتوێ بکرێن. تەنیا لە هەلومەرجێکدا کە کرێکارەکان پشتیوانی یەکتری بن و زۆربەی ئەوان لە گۆڕەپانی بە کردەوەی خەباتەکەیان دابن و داخوازیەکانیان، هەتا ئاستی داخوازییەکی سیاسی و بەربڵاو پەرەی سەندبێت، دەتوانین هەلومەرجەکە بە لەبار بزانین و لە سەر شێوازێکی هێرشبەرانە ساغ ببینەوە. لە راستیدا هێرش یان بەرگری نەك لە سەر بنەمای ویستی ڕەوتێکی سیاسیی تایبەت، بەڵکو لە سەر بنەمای ڕەوتی راستەقینەی خەباتی چینایەتی پێك دێت و داخوازیەکانی ئەو بەشە لە چینی کرێکار کە هاتوەتە مەیدان یەکێك لە پارامیترە پڕبایەخەکانە لەو پەیوەندیەدا. کەوابوو چینی کرێکار لە هەلومەرجێك دانییە کە بتوانێت تاکتیکەکانی هێرشبەرانە بخاتە دەستوری کاری خۆیەوە. لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە کە بۆ مەگەر لە ساڵی ١٣٥٧دا چینی کرێکار ڕێکخراو بوو؟ مەگەر ئەو ڕەوتە روو لە گەشەیەی پێوا کە لێرەدا باسم کرد؟ بەڵێ لەوانەیە لە هەلومەرجێکدا بزووتنەوەی کرێکاری بە بێ ڕێکخراوبوون هەروەك ساڵی ١٣٥٧ گەشە بکات و یان لەوانەیە بزووتنەوەی کرێکاری لە مەودایەکی زەمەنیی کورتدا و لە بارودۆخێکی تایبەتی وەك ساڵی ١٣٥٧ بکەوێتە سەر رۆڵێکی باڵا و تەنانەت شۆڕشگێڕانەشەوە، بەڵام سەرجەمی ئەوانە نابنە هۆکار بۆ ئەوەیکە ئێمە هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری و ئەو هۆکارانەی کە هەرکامەیان بە نۆرەی خۆیان دەتوانن کاریگەر بن، لە بەر چاو نەگرین. بە لوتکە گەیشتن یانی هەلومەرجێك کە بەشێکی بەرچاو لە کرێکاران بە داخوازیی پێشڕەوەوە هاتبنە مەیدان و لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرمایەداریدا دەستێکی باڵایان هەبێت. توێژە کۆمەڵایەتیەکان ئامادە نەبن وەکو رابردوو بژین و دەسەڵاتدارانیش نەتوانن

وەکو رابردوو دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن. تەنیا لە وەها هەلومەرجێکدایە کە چینی کرێکار دەکەوێتە هەلومەرجێکی هێرشبەرانەوە و دەوڵەتیش ناتوانێت هەڵوێستێکی ئەوتۆی لە بەرامبەریدا هەبێت. بەڵام ئەی ئەو هەموو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانەی کە لە ساڵی ١٣٨٠ بەرەو ئەملا پێکهاتوون، چ کاریگەرییەکیان هەبوە؟ بە دەیان مانگرتن، ناڕەزایەتی، بەستنی ڕێگەکان و کۆڕوکۆبوونەوەکان چ کاریگەرییەکیان هەبوە؟ وە ئایا سەرجەمی ئەوانە ناتوانین وەکو باڵادەستی بزووتنەوەی کرێکاریی ناو بەرین؟ خەباتی کرێکاران چ بۆ داخوازیەکانیان و چ بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکان و ... هەموویان لە پێناو خەباتی دژی سەرمایەداریدان کە دەرخەری پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکارین. بەڵام قسەکە لە سەر سنووری ئەو پێشڕەویانە و هاوسەنگی هێزەکەیە. بەڵێ خەباتی چینی کرێکار، بوەتە هۆی ئەوەیکە کەش و هەوای ترس و دڵەڕاوکێ و سەرکوتی دوو دەیە تێك بشکێت و خاوەن سەرمایەکان چەند هەنگاو بەرەو دواوە پاڵ پێوە نراون. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە جێگاوشوێنێکی لاواز و شکستخواردوویان هەبێت. سەرمایەداری هێشتاش بواری سەرکوت و زلهێزی هەر تێدایە و بە زمانێکی سادەتر تیغەکەی کول بوە و وەکو جاران نابڕێت، بەڵام لە بڕین نەکەوتوە. لە ڕاستیدا هەرچەندە بزووتنەوەکە نەگەیشتوەتە قۆناغی باڵادەستی و هێرشبەرانە، بەڵام کەوتوەتە سەر ڕۆڵێکی بەرەو پێش و لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەر بەرەوپێش چوە.

## ڕێکخراوە کرێکاریەکان لە ساڵی ١٣٨٧دا

ئەوەیکە لە ریزی پێشەوەی خەباتی چالاکان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریدا هەروا دەمێنێتەوە، یارمەتیدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکاریەکانە بە هێزی خودی کرێکاران لە شوێنەکانی کارکردندا. ئەو خەباتەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا بەڕێوە چوە و لە گەڵ سەرکوتی دەوڵەتی سەرمایەدارانیش بەرەو ڕوو بوە، نە تەنیا درێژەی دەبێت بەڵکو بە هۆی پەرەسەندنی ناکۆکییە چینایەتیەکان و تا ڕادەیەك ڕێکخراو بوونی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری لە کۆمیتە کرێکاریەکاندا زۆر شێلگیرانەتر و پتەوتر درێژەی دەبێت. ئەوە کارێکی ئەستەمە بتوانین پێش بینی ئەوە بکەین کە هەتا چ ڕادەیەك بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانێت خۆی ڕێك بخات، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە هەلومەرجەکە بۆ ڕێکخراوبوونی ئەو چینە زۆر لە رابوردوو گونجاوترە. ڕەوتی خەباتی چینایەتی زیاتر لە پێشوو ئەو پێویستییەی زەق کردوەتەوە و خەباتی کرێکارانی شیرکەت واحید و نەیشەکەری هەفت تەپە لە نمونە بەرچاوەکانی. لەو پەیوەندییەدا بە هەر ڕادەیەك کە چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری خاوەن بەرنامە و پلانی زۆرتر بن بۆ ڕێکخراو بوونی چینی کرێکار، ئەگەری ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار زۆرتر دەبێت و ئەگەریش زۆرتر سەرنجیان بەرەولای گیروگرفتە لاوەکیەکان و تایبەتیی خۆیان ڕاکێشن، کەمتر دەتوانن یاریدەدەری ئەو مەسەلەیە بن. هەرچەندە کە ڕەوتی خەباتی چینایەتی دیاری دەکات کە بە چ ڕادەیەك کرێکاران دەتوانن لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرمایەداراندا پێشڕەوی بکەن، بەڵام لە هەر هەلومەرجێکدا ناکرێ ڕۆڵی چالاکان و چۆنیەتی هەڵسوکەوتیشیان لە بەر چاو نەگیرێت. دەبێ لە ڕەوتی هەر ناڕەزایەتی و مانگرتنێکی کرێکاریدا پێویستیی پێکهێنانی ڕێکخراوە زەق بکرێتەوە و لەو پەیوەندییەدا ناتوانین ڕێڕەوی نمونەیەکی تایبەتی بین. بە پێی هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانی هەر شوێنێکی کرێکاری دەبێ ڕێکخراوی گونجاو لە گەڵ ئەو شوێنەش بخرێتە دەستووری کارەوە. شورا، کۆمیتەی کرێکاری، سەندیکا و ... هەرکامەیان دەتوانن لە خزمەت چینی کرێکار دابن

و ئەو مەسەلەیە نەك بە دڵخوازی ئێمە بەڵکو بە پێی هەلومەرج و قورسایی خەباتەکە بە گشتی و بە سەرنجدان بە هەلومەرجێکی تایبەتیی هەر شوێنێکی کرێکاری دەبێ زەق بکرێتەوە.

پێکهێنانی رێکخراوەکان بە هێزی خودی کرێکاران ناکرێ تەنیا لە شوێنێکی کاریدا بەرتەسك بکرێتەوە. یانی زۆربەی جاران چالاکان و پێشڕەوانی کرێکاریی ناتوانن لە شوێنێکی کاریدا رێکخراوی خۆیان پێك بێنن و لە راستیدا لە لایەن کرێکارانەوە پشتیوانییەکی بەربڵاویان لێ ناکرێت. بەڵام لەوانەیە بتوانن لە گەڵ کرێکارەکانی دیکە کە لە کارخانەکانی دیکەدا هەر لەو بوارەدا خەریکی کارن، رێکخراوێك پێك بێنن. بۆ وێنە کرێکارانی پێشڕەو لە کارخانە جۆراوجۆرەکانی بەرهەم هێنانی دەواودەرماندا دەتوانن بە رێکخراوبوون و هاوئاهەنگی لە گەڵ یەکتری هێزی خۆیان بەرنە سەرێ و رێکخراوی کرێکارانی دەواسازیەکان پێك بێنن. لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا ئێمە شایەتی خەباتی جۆراوجۆر بووین لە لایەن کرێکارانی پیشەسازی رستن و چنینەوە، مانگرتن و کۆبوونەوەی کرێکارانی کارخانەکانی رستن و چنینی چیتی جەهانشەهری کەرەج، رستن و چنینی قائیم شەهر، پەرڕیسی کوردستان و ... بەڵام بە سەرنجدان بە سەرکوت و لە سەرکار دەرکردنەکان و ئاستی خەباتەکەیان، ئەوان نەیانتوانی رێکخراوی شێلگیر و گشتگیر دامەزرێنن، بەڵام ئەگەر ئەو کرێکارە پێشڕەوانەی کە لەو کارخانانەدا هەوڵیان دەدا پێکەوە رێکخراوی خۆیان پێك بێنن، هاورێ و هاوپەیمان بوایەن، ئەگەری پێکهێنانی رێکخراوی کرێکارانی رستن و چنین هەتا ئاستێکی زۆر دەچوە سەرێ و لەوانەبوو ئەو رێکخراوەیە بە کردەوەش دامەزرایە. لەو پەیوەندییەدا رۆڵی چالاکانی کرێکاریی رێکخراو لە کۆمیتەکانی کرێکاری و شورای هاوکاریشدا دەتوانێت کاریگەریی خۆی هەبێت. هەرچەندە ئەوان لە هێندێك بواردا کە پەیوەندییان بە کرێکارانی مانگرتوو و ناڕازی کرد و پێویستیی پێکهێنانی رێکخراوی کرێکارییان خستنە روو بۆیان ، بەڵام بە سەرنجدان بە هەلومەرجەکە و لە بەر ئەوەیکە رێژەی ئەو کرێکارانەی کە دەستیاندایە ئەو کارە کەم بوون و یان کەوتنە بەر هەڕەشە و سەرکوت، نەیانتوانی رێکخراوی خۆیان پێك بێنن، بەڵام ئەگەر هەر لە نێوان ئەو ژمارە کرێکارە و کرێکارانی پێشڕەوی دیکە لە پیشە هاوشێوەکاندا لێك نزیك بوونەوەیەك هەبوایە، ئەگەری پێکهێنانی رێکخراوی کرێکاریی هاوبەش ( بۆ نمونە رێکخراوی کرێکارانی بەشی رستن و چنین) زۆر زیاتر بوو. ئەوە خاڵێك بوو کە ئێمە تا رادەیەك لێی خافل بووین و لە ساڵی ١٣٨٧یشدا دەتوانین خەباتی بۆ بکەین. هەروەك لە سەرەوەتر ئاماژەم پێکرد ناکرێ نمونەیەکی تاقانە و وەکو یەك بۆ پێکهێنانی سەرجەم رێکخراوەکان لە بەر چاو بگیرێت. نابێ پێمانوابێت کە حەتمەن دەبێ رێکخراوەکە لە شوێنێکی کرێکاریدا پێك بێت و دواتر ئەوە ئەوانن کە دەتوانن لە گەڵ کرێکارانی تر لە پیشە هاوشێوەکانی خۆیاندا یەکگرتوو بن. هەلومەرجی تایبەتی و سەرکوت لە ئێران ناچارمان دەکات کە شێواز و رێگەچارەی جۆراوجۆر بخەینە دەستووری کارمانەوە. ئەگەر بۆ نمونە دە کەس لە کارخانەی چیتی کەرەج و هەر بەو رێژەیەش لە کارخانەی رستن وچنینی قائیم شەهر و رستن و چنینی کوردستان و پەرڕیس کە نەیانتوانی لە شوێنی کارەکەی خۆیان رێکخراوەکەیان دامەزرێنن، ئەگەر یەك بگرن دەتوانن رێکخراوی کرێکارانی بەشی رستن و چنین پێك بێنن و دواتر کرێکارانی تریش لە شوێنی کارەکەیان بەرەو خۆیان رابکێشن. دیسانیش جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە کە رۆڵی چالاکانی کرێکاریی رێکخراو لە کۆمیتە کرێکاریەکاندا لەو پەیوەندییەدا (بۆ پەیوەندی گرتن) دەتوانێت زۆر کاریگەر و چارەنوس ساز بێت.

کۆمیتە کرێکاریەکان لە شێوازەکانی دیکەی رێکخراوە کرێکاریەکانن کە دەتوانن لە شوێنەکانی کاردا پێك بێن. زۆربەی کرێکارانی پێشڕەو لە هەوڵی ئەوەدان تاوەکو رێکخراوێکی گشتگیر لە شوێنی کارەکەیاندا پێك بێنن، بەڵام لە گەڵ ئەو بەربەستانە بەرەوروون کە باسکران و تا ئێستا نەیانتوانیوە بەو ئامانجەی خۆیان بگەن. ئەوان دەتوانن تەنانەت بە سێ کەسیش لە شوێنی کارەکەی

خۆیاندا کۆمیتەیەکی کرێکاری پێك بێنن بۆ ئەوەی هەم لە خەباتەکەدا رۆڵێکی چالاکیان هەبێت و هەم لە پێناو پێکهێنانی رێکخراوێکی هەمەلایەنەتردا چالاك بن. لە راستیدا کۆمیتەیەکی کرێکاری هەرچەندەش کە بچوك بێت لە شوێنی کاردا بۆ خۆی چەشنێك لە رێکخراوە کە بوارێکی بەهێزی بۆ بوون بە رێکخراوێکی گشتگیر و یان یاریدەدەری بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی لەم چەشنە هەیە. کۆمیتە کرێکاریەکان لە هەلومەرجی ئێستادا یەکێك لە بەدەستەوەترین جۆری رێکخراوە کرێکاریەکانن کە لە شوێنەکانی کار و بە رێژەیەکی کەمی کرێکارانەوە دەکرێ پێك بێن و لە خزمەت رێکخستنی خەبات لە شوێنەکانی کار و پێکهێنانی رێکخراوێکی گشتگیر دابن. لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە نێو چالاکانیدا ئەم چەشنە لە رێکخراوبوون کەمتر ناسراوە و بە کار هاتوە و دەخوازێت کە هێزێکی زۆرتری بۆ تەرخان بکرێت.

شورا کرێکاریەکان کە یەکێك لە باشترین جۆری رێکخراوە کرێکاریەکانن، لە ئاستێکی بەرین لە هەلومەرجی هەڵچوونی بزووتنەوەکە و بە تایبەت لە قۆناغی راپەریندا پێك دێن و تەنانەت دەتوانن دەسەڵاتی سیاسیش بە دەستەوە بگرن. هەرچەندە کە شورا کرێکاریەکان لە هەرچەشنە رێکخراوێکی دیکەی کرێکاری پێشرەوتر و کامڵترن، بەڵام هەلومەرجی پێکهاتنەکەی کەش و هەوایەکی کراوەی سیاسی دەخوازێت کە لە قۆناغی راپەرین یان هەڵچوونی بەرینی بزووتنەوەی کرێکاریدا پێك دێت. پێویستە هەلومەرجێك بخولقێت بۆ ئەوەی کرێکاران بتوانن نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان بە شێوەیەکی ئازادانە لە شوێنی کارەکەیان هەڵبژێرن و نەکەونە ژێر کاریگەریی هیچ هێزێکی داپڵۆسێنەر. ئاشکرایە کە پێویستیی پێکهاتنی وەها شتێك پێکهێنانی ورەی شۆڕشگێڕانە لە نێو کرێکاراندایە. هەرچەندە کە ئێمە بە پێی هەلومەرج و ئاستی بزووتنەوەی کرێکاری ناتوانین شورا کرێکاریەکان لە ئاستێکی سەرانسەری و راستەقینەی ئەودا پێك بێنین، بەڵام لە هێندێك بواری تایبەت و بە رێکەوتدا ئەوە کارێکی لە کران نەهاتوو نییە و بایەخێکی زۆری هەیە کە نابێ لێی خافڵ بین. لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا بە گوێرەی ئەوەیکە بزووتنەوەی کرێکاری هەڵوێستێکی بەرگریکارانەی هەبوە، شوراکان نەیانتوانی پێك بێن، بەڵام لە هێندێك بواری بەرتەسکدا کرێکاران توانیان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و هەرچەندە لە ژێر گوشاریش دابوون بەڵام شورای خۆیان پێك بێنن. کرێکارانی بەرهەم هێنانی دەواودەرمان و چەند کارخانەی دیکە لە زومرەی ئەوانە بوون کە لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا ئەو کارەیان وەدی هێنا و ئەویان کردە دەسکەوتی بزووتنەوەی کرێکاری. لە هێندێك بواردا کرێکاران بە هەڵبژاردنی نوێنەری راستەقینەی خۆیان ( وەکو کارخانەی نەیشەکەری هەفت تەپە) هەرچەندە کە ناوی شورایان لە سەر دانەنا بەڵام بە کردەوە ئەو نوێنەرانە رێبەریی خەبات و دانوستانەکانیان لە دەست دابوو و نوێنەرایەتی ئەوان درێژەی هەبوە و ئەوەش خۆی هەرچەندەش کە لاواز بێت هەر چەشنێکە لە شورا کرێکاریەکان. ئێمە دەتوانین لە رەوتی خەبات لە شوێنی کارەکەماندا، نوێنەرەکانمان هەڵبژێرین و بە پشتیوانیی کرێکاران رۆڵی ئەوان لە نوێنەرانی کاتی و کەم دەسەڵات ئەولاوەتر بەرین. هەرچەندە رژیمی خاوەنانی سەرمایە هەمیشە هێرش دەکاتە سەر نوێنەرانی کرێکاران و سەرکوتیان دەکات، بەڵام هاوکات لە گەڵ بەهێز بوونی کرێکاران و پشتیوانی لێکردنیان لە لایەن ئەوانەوە دەکرێ لە بەرامبەر ئەو سەرکوتانەدا خۆراگری بکرێت. ئەگەر ئێمە بتوانین بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانمان لە شوێنەکانی کار و یان لە کاتی نارەزایەتییەکی کرێکاریدا رۆڵی ئەوان پڕرەنگتر و بەردەوامتر بکەین، لە راستیدا توانیومانە شورایەك پێك بێنن کە لە داهاتوودا دەتوانێت رۆڵێکی زۆر زیاتر لەوە وەئەستۆ بگرێت کە ئێستا لە سەر شانیەتی. هەرچەندە کە ئەم شێوازە لە شوراکان لە سەر ئەساسی ئاستی بزووتنەوەی کرێکاری لە هەلومەرجی ئێستادا ناتوانن داخوازیە سیاسیەکان و یان داخوازیە هەمەلایەنەکانی خۆیان دەربڕن، بەڵام هەرچۆنێك بێت خەباتی کرێکاران رێکدەخەن و رێبەرایەتی دەکەن. دەبێ هەوڵ بدەین لە کاتی هەڵبژاردنی

نوێنەرەکانمان لە شوێنی کارەکەدا پشتیوانیی کرێکارەکانیشیان لە پشت بێت بۆ ئەوەی سەرمایەداری زۆر بە هاسانی و هەر کاتێك کە ویستی نەتوانێت نوێنەرەکانمان دەست بە سەر بکات و یان بیانخاتە ژێر لێپرسینەوە. یەکێك لە شێوازەکانی دابینکردنی ئەو پشتگیرییە دەتوانێت لە لایەن خودی نوێنەرانەوە پێك بێت و ئەوانیش بە مەرجێك نوێنەرایەتییەکە بکەن کە ئەگەر دەستبەسەر کران یان کەوتنە بەر لێپێچینەوە، لە لایەن کرێکارانەوە پشتیوانییان لێ بکرێت.

## سەندیکای شیرکەت واحید

بە پێکهاتنی سەندیکای شیرکەت واحید لە لایەن کرێکارانەوە، بە سەرنجدان بە خەبات و مانگرتنەکەیان و بە بێ ئیزن وەرگرتن لە دەوڵەت، نمونەیەکی دیکە بۆ ئێمەی کرێکار پێکهات بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێکی پێویستدا کەڵکی لێ وەربگرین. ڕێکخراوەی سەندیکای شیرکەت واحید هەر لە ساڵی یەکەمەوە هەم لە نمونە ریفۆرمیستیەکان دوور کەوتەوە و هەم بۆ بە رەسمییەت ناسینی خۆی و هەم لە پێناو داخوازیی بردنە سەرێی حەقدەستەکان دەستیدایە خەباتێکی رادیکاڵ و هەرچەندە لە گەڵ سەرکوتێکی توند بەرەو روو بوەوە، بەڵام پیشانی سەرجەم هاوچینەکانیشان دا کە دەکرێ بە هێزی خۆشت ڕێکخراو دروست بکەی و بۆ وەدیهێنانی داخوازیەکان خەبات بکەی. خەباتی سەندیکای شیرکەت واحید لە مێژووی خەباتی چینایەتی ئێراندا نوسراوە و ڕێنوێنییەکی بە کردەوەشە بۆ ئێمە. هەرچەندە دام و دەزگای سەرکوت زۆربەی شۆفێرەکانی شیرکەت واحیدی ناچار کرد لە سەندیکا جیا ببنەوە بەڵام ئەو سەندیکایە هەروا ماوەتەوە و لە هەر هەلومەرجێکی دیکەشدا دەتوانێت دیسانەوە هەڵچێتەوە.

دوای تێپەڕینی زەمەنێك، هەڵوێستەکانی ئەم دواییانەی مەنسوری ئوسانلو کەوتە ناکۆکییەوە لە گەڵ خەباتی رادیکاڵی سەندیکای شیرکەت واحید. سەرەتا بە پشتیوانی لە سێ لایەنە بوون بۆ دیاریکردنی حەقدەستەکان، بە کردەوە سیستمی تەواو نابەرابەری دیاری کردنی حەقدەستەکان ( کۆمیسیۆنێکی پێکهاتوو لە نوێنەرێك لە لایەن کارفەرماوە، نوێنەرێك لە لایەن کارفەرمای گەورەوە واتە لە لایەن دەوڵەتەوە و نوێنەرێکی درۆیینەش لە لایەن کرێکارانەوە ـ نوێنەری شورا ئیسلامیەکانی کارخانەکان)ی قەبوڵ کرد. لەم دواییانەشدا بە وتویژێك کە لە زیندانەوە لە گەڵ ماڵپەڕی نەورۆز کردویەتی ( کە هەڵبەتە هیوادارم درۆیینە بێت) پێشنیاری بەشداریکردن لە مەجلیسی ئیسلامیدا کردوە و ڕێگەی رزگاریی وڵاتەکەی لە دەنگدان بە دووی خوردادیەکاندا زانیوە. هەڵبەتە لە بەرامبەر ئەوەدا ئاغای شەهابی ئەندامێکی دیکەی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی شیرکەت واحید، لە هەڵوێستێکی بە جێ و رادیکاڵدا لە بەرامبەر ئەو وتوویژەدا راوبۆچوونی خۆی دەربڕی و نیشانی دا کە باڵی کرێکاری و رادیکاڵ لە سەندیکای شیرکەت واحیددا هێشتا هەر بە جێی خۆیەتی. لە ئاکامدا ئەوە سروشتیە کە ئەو ناکۆکیانە لە سەندیکای شیرکەت واحیددا درێژەی دەبێت و پەرە دەستێنێت و چالاکانی رادیکاڵی بزووتنەوەی کرێکاری لە سەندیکای شیرکەت واحیددا نابێ سەرجەم دەسکەوتەکانی ئەو ڕێکخراوەیە و لە راستیدا دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری وەلا بنێن و ڕێگەی ریفۆرمیستی بۆ بووژانەوەی سەندیکاکان بگرنە بەر. سەندیکای شیرکەت واحید تا ئێستا بە خەبات بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی پشت ئەستوور بە هێزی کرێکاران و بە بێ ئیزن وەرگرتن لە دەوڵەت و بە مانگرتنێکەوە کە زۆربەی کرێکارانی خستوەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ناسراوە و ئێمە هیوادارین لەمەو بەدواش بە هەڵوێستی لەم چەشنە بناسرێتەوە کە دەتوانێت لە خزمەت پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاریدا بێت.

بەڵام ئێمەی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری ناتوانین لە ئاست ئەو ناکۆکییەی کە لە سەندیکای شیرکەت واحیددا پێکهاتوە بێ هەڵوێست بین و پێویستە بە پێی توانامان رادیکالیزمەکەی بەهێز بکەین و سەبارەت بە ریفۆرمیزمەکەشی دەبێ رەخنەی رۆشنگەرانەمان هەبێت. چالاکانی سەندیکای شیرکەت واحید دەبێ بزانن کە جێگاوشوێن و هەڵوێستەکانیان لە ئاستی بزووتنەوەکەدا بە پێی قەبارەی خۆی کاریگەریی هەیە و ناکرێ لە بەرامبەریدا بێ هەڵوێست بین.

## کۆمیتەکانی چالاکانی کرێکاریی

لە ماوەی سێ ساڵی رابوردوودا رۆڵی کۆمیتەکانی چالاکانی کرێکاری زۆرتر بوە و گۆڕانکاری لە رەوتی چالاکییەکانی ئەواندا پێکهاتوە. گەشەی خەباتی چینایەتی بوەتە هۆی ئەوەیکە چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاریش بتوانن خۆیان رێك خەن و رۆڵ و کاریگەرییەکی زیاتریان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا هەبێت. بۆچوونی راست و ریفۆرمیستی کە لە قالبی رێکخەرانی سەندیکاکان لە پەراوێزی بزووتنەوەی کرێکاریدا پێکهاتبوو، بە گەشەی کۆمیتەکانی کرێکاری زیاتر لە پێشوو کەوتنە پەراوێزەوە و نەیانتوانی رۆڵێکی گرینگیان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا هەبێت.

هەڵوێستی کۆمیتەی بەدواداچوون کە لە سەر ئیزنی ئیدارەی کار بۆ بە فەرمی ناسینی خۆیان دەستی پێکردبوو و لە بەرامبەر پێکهاتنی رێکخراوە کرێکاریەکان بە هێزی خودی کرێکاران هەڵوێستی راستی هەبوو، خێرا کەوتە پەراوێزەوە. پێکهاتنی یەکێتی کۆمیتەکانی کرێکاری و کۆمیتەی هاوئاهەنگی رۆڵی کۆمیتەکانیان لە رەوتی بزووتنەوەی کرێکاریدا زیاتر کرد. کۆمیتەی بەدواداچوون لە سەرەتای جموجۆڵەکانی خۆیدا هەرچەندە لە هەڵوێستی راستی دوور کەوتەوە بەڵام لایەنە بەرچاوەکەی دیکەشی هەڵوێستێکی پاوانخوازانە و سکتاریستی بوو کە نەیدەتوانی سەرجەم چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. لە سەرەتای رێگەدا ئەو کۆمیتەیە بە هەڵسووکەوتە نابەجێیەکانی خۆی زۆربەی چالاکانی کرێکاری لە خۆی دوور کردەوە و نەیتوانی بنکەیەك بێت کە سەرجەم رادیکاڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری تێیدا لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە. بەڵام ئەم هەڵوێستەش هەر وەکو خۆی نەمایەوە و بەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانەی کە تێیدا پێکهاتن، زۆربەی توخمە سکتاریستیەکان لەو کۆمیتەیە چوونە دەرێ و لە ئاکامدا جێگاوشوێنێکی باشتر لە پێشووی دەستەبەر کرد. لەوانە بەشداریی کۆمیتەی بەدواداچوون لە شورای هاوکاریدا هەنگاوێکی بەرەوپێش بوو لەم پێناوەدا. بەڵام کۆمیتەی بەدواداچوون لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیا بنکەیەکە کە بە لایەنی زۆرەوە تەنیا دەتوانێت لە پێناو یەکگرتوویی بە کردەوە لە گەڵ چالاکانی تری بزووتنەوەی کرێکاری هەنگاو هەڵێنێتەوە، نەك زیاتر لەوە. ئەوەش خۆی خاڵێکی لاوازی ئەو کۆمیتەیە و بەربەستێکە لە سەر رێگەی پێشڕەویەکانیدا. کۆمیتەی بەدواداچوون بە گوێرەی ئەو تێبینی و

چوارچێوە دیاری نەکراوەی کە هەیەتی ناتوانێت بنکەیەك بێت بۆ سەرجەم چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و زۆرتر چالاکانی تایبەت و ژمارەیەکی بەرتەسك لەو چالاکانە لە خۆی دەگرێت. کۆمیتەی بەدواداچوون هەرچەندە وەکو کۆمیتەیەك لە خزمەت بزووتنەوەی کرێکاری دایە، بەڵام تەنیا لە ئاستی کۆمیتەیەك دا دەمێنێتەوە و دوورەدیمەنی بوون بە ڕێکخراوێکی گشتگیر و پەیوەست بوون بە ڕێکخراوەکانی دیکەی تێدا نییە.

کۆمیتەی هاوئاهەنگی کە لە ماوەیەکی کورتی دوای پێکهاتنیەوە، ڕێژەی ئەندامانی گەیشتە چەند بەرابەری کۆمیتەکانی دیکە و ئامانجیشی یارمەتیدان بە پێکهاتنی ڕێکخراوە کرێکاریەکان بە هێزی خودی کرێکاران بوو، خێرا تووشی قەیرانێك بوو کە زیاتر لە یەك ساڵە بە توندی لە گەڵی بەرەوڕوویە. بۆچوونی دوو لایەنی ناو کۆمیتەی هاوئاهەنگی هەرچەندە بە شێوەیەکی کاتی بەری بە پێشڕەویەکانی ئەو کۆمیتەیە گرت لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکەی، بەڵام قسەوباسی بە ئاشکرای چالاکانی و سەرجەم چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە پەیوەند لە گەڵ ڕێکخراوی دژی سەرمایەداری، زۆر شتی روون کردەوە کە لە ئاکامدا وەکو هەنگاوێکی گەورە لە پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاریدا هەژمار دەکرێن. هەڵوێستی حەکیمی کە خەباتی دژی سەرمایەداری هاوتەریب لە گەڵ بزووتنەوەی خۆڕسك و لە بەرامبەر حیزبە سیاسیەکاندا دەبینیێ، لە پڕۆسەیەکدا لە مەڕ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێو چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا بە تەواوی کەوتە پەراوێزەوە. هەرچەندە بە رواڵەت جیایی ئەم دوو لایەنە بەڕێوە نەچوە، بەڵام بە کردەوە ئەو کارە بەڕێوە چوە و ژمارەیەکی کەم بە هۆی داکۆکیان لە موحسینی حەکیمی لە کۆمیتەی هاوئاهەنگی جیا بوونەتەوە و تا رادەیەکی زۆر دەکرێ بگوترێت کە ئەو قەیرانە کۆتایی پێهاتوە. بەڵام زۆر پێویستە کە ئەم کۆمیتەیە بە خێرایی خۆی ڕێکخاتەوە و لەو قەیرانە درێژخایەنەی خۆی رزگار بکات. ئەو ئاسۆیەش هەیە کە خێرا و لە سەرەتای ساڵدا بە بەڕێوە چوونی کۆبوونەوەی گشتی ئەم قەیرانە کۆتایی پێ بێت و رەوتی سروشتیی خۆی دەست پێ بکاتەوە. کۆمیتەی هاوئاهەنگی بە گوێرەی بارودۆخ و جێگاوشوێنێك کە هەیەتی دەرفەتێکی زۆری بۆ کۆکردنەوەی زیاتری هێزە کرێکاریەکان هەیە. لە راستیدا ئێستاش ئەم کۆمیتەیە زیاتر لە کۆمیتەیەکی دە یان بیست نەفەرەیە و هەم بە هۆی ژمارەی زۆرتری ئەندامەکانی و هەم بە هۆی بەشداریی چالاکانی خاوەن بڕوا لەو کۆمیتەیەدا، هێز و توانایەکی زۆر زیاتر لە کۆمیتەیەکی کرێکاری هەیە. هەروەك لە ناوی ئەو کۆمیتەیەش را دیارە، ئامانجی سەرەکیی یارمەتیدان بە پێکهاتنی ڕێکخراوە کرێکاریەکانە. لە گەڵ کۆتایی هاتن بە قەیرانەکە ئەو خۆزگەیە پێك دێت کە کۆمیتەی هاوئاهەنگی بتوانێت لەو پێناوەدا چالاکیی زیاتر و کاریگەرتری هەبێت. کۆمیتەی هاوئاهەنگی کە لە ژمارەیەك لە شارەکانیشدا جێگە و پێگەی خۆی هەیە دەتوانێت لە پێناو پێکهاتنی ڕێکخراوە کرێکاریەکان و یان لانیکەم پێشنیاری ئەو کارە لە رەوتی خەباتی کرێکاراندا رۆڵێکی بەرچاوی هەبێت. لەو پەیوەندییەدا کۆمیتەی هاوئاهەنگی دەتوانێت بە

بەرنامەڕێژییەکی ورد و دروست لە شوێنەکانی کاردا بانگەشە بۆ پێویستیی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری بکات و ئاکامێکی زۆر باشتریشی لە چاو سالآنی پێشووی هەبێت.

هەروەك ئاماژەم پێکرد کۆمیتەی هاوئاهەنگی چ بیهەوێت و چ نەیهەوێت، لە کۆمیتەیەکی ئاسایی واوەتر چوە و لە راستیدا بۆ خۆی چەشنێك رێکخراوی چالاکانی کرێکارییە کە لە رێکخراوە کرێکاریەکانی دیکە جیا نەکراوەیە و تەنیا ئەوە نەبێ کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. کۆمیتەی هاوئاهەنگی بە دەربازبوون لەو قەیرانە خێرا دەتوانێت ڕێژەی ئەندامانی خۆی چەند بەرابەر زیاتر بکات. چونکە زۆربەی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری بە هۆی بوونی بۆچوونی لاڕێی حەکیمی و دۆستەکانی بەو کۆمیتەیەوە پەیوەست نەبوون و لە لایەکی دیکەوە لە چاوەڕوانی کۆتایی هاتن بە قەیرانەکەدا بوون و ئێستاکەش هەن. کۆمیتەی هاوئاهەنگیش سەرەڕای قەیرانەکەی خۆی زۆر کەس خوازیاریی ئەوە بوون کە ببنە ئەندامی بەڵام ئەوە چەند مانگێکە کە بە هۆی ئەو قەیرانەوە لە وەرگرتنی ئەندامی نوێ خۆی پاراستوە. بە هیچ شێوەیەك نابێ پێمانوابێت کە پەیوەست بوونی ئەندامانی نوێ کێشەیەکی لە گەڵ پێکهێنانی رێکخراوە کرێکاریەکان هەیە. بەڵکو بە پێچەوانەوە بە پەیوەست بوونی زۆریەك لە چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری بەم کۆمیتەیەوە هێزێکی بە تواناتر و گەورەتر لە پێناو پێکهێنانی رێکخراوە کرێکاریەکان لە شوێنەکانی کاردا پێك دێت. ئەگەر ئێمە بە رادەی پێویست لە هەر ناوچە و شارێك چالاکی کرێکاریمان هەبێت دەتوانین لە سەرجەم ناڕەزایەتییە کرێکاریەکاندا بەشدار بین و ڕێنوێنیەکانی پێویست بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری ببەینە نێو کرێکارانەوە.

بە بڕوای من ئەو ئاسۆیە هەیە کە هەر خێرا و دوای کۆتایی هاتنی قەیرانەکە " یەکێتی کۆمیتە کرێکاریەکان" کە لە ماوەی یەك دوو ساڵی رابوردوودا بە هۆی ئەوەیکە زۆربەی هێزەکەی لە شورای هاوکاریدا دەکار کراوە و تا رادەیەك رۆڵێکی کەمڕەنگی لە بزووتنەوەکەدا هەبوە، بە کۆمیتەی هاوئاهەنگییەوە پەیوەست بێت. بەڵام ئەوەیکە مەیدانێکی زۆرتری بۆ کۆمیتەی هاوئاهەنگی ئاواڵاتر کردوە، مەجالی پەیوەست بوونی نەتەنیا چالاکانی کرێکاری، بەڵکو دەرفەتی پەیوەست بوونی بەشێك لە کرێکارانی پێشڕەو (ئەو کرێکارانەی کە لە شوێنەکانی کاردا پێشڕەوانی خەبات و ڕێبەری ناڕەزایەتیەکانن) بەو کۆمیتەیەوەیە. بە سەرنجدان بە بۆشایی بزووتنەوەی کرێکاری لە پەیوەند لە گەڵ ڕێکخراوێکی گشتگیر، کۆمیتەی هاوئاهەنگی دەتوانێت بنکەیەك بێت بۆ زۆریەك لە کرێکارانی پێشڕەو کە لە شوێنی کارەکەی خۆیان هێشتا ناتوانن ڕێکخراوی خۆیان پێك بێنن. لە راستیدا پەیوەندییە بەرچاوەکانی ئەندامانی کۆمیتەی هاوئاهەنگی دەتوانێت ئەو مەسەلە گرینگە بە کردەوە دەربێنێت. هەڵبەتە کرێکارانی پێشڕەو بە هەزاران کەس و یان تەنانەت زیاتر لە یەك میلیۆن کەسن و لەو بوارەدا لەوانەیە تەنیا بەشێکی چکۆلەی ئەوان پەیوەست ببن. ئەوەش سروشتییە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت کۆمیتەی

هاوئاهەنگی جێگەی ئەو ڕێکخراوانەی دیکە بگرێتەوە کە لەوانەیە لە شوێنی کاردا پێك بێن و لە بنەڕەتیشدا ئەو هەڵوێست و ڕوانگەیە لە کۆمیتەی هاوئاهەنگیدا بوونی نییە و مەبەست تەنیا ڕەخسانی پەیوەست بوونی کرێکارانی پێشڕەوە کە بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو لە کارخانە جۆراوجۆرەکاندا کار دەکەن و بە پەیوەست بوونیان بە کۆمیتەی هاوئاهەنگی و بە یارمەتی ئەندامانی دیکە مەجال بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوە لە شوێنی کارەکەیاندا چەند بەرامبەر دەچێتە سەرێ. ئەگەر بەشێك لە پێشڕەوانی کرێکاری بە کۆمیتەی هاوئاهەنگییەوە پەیوەست بن، پردی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمیتەی هاوئاهەنگی و بزووتنەوەی کرێکاری بە چەند قات پتەوتر دەبن و لە پێناو دەرباز کردنی بزووتنەوەکە لە شێوازی خۆڕسکیەکەشی دەکرێت زۆر کاریگەرتر بێت. لە وەها بارودۆخێکدا هەلی پێکهێنانی ڕێکخراوەکان لە شوێنەکانی کاردا بە چەند قات زیاتر دەبێت و کۆمیتەی هاوئاهەنگی دەتوانێت زیاتر لە بزووتنەوەی کرێکاریدا بوونی بە کردەوەی خۆی نیشان بدات.

سەرجەم ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە سەبارەت بە کۆمیتەی هاوئاهەنگی هاتنە گۆڕێ، لەو شتانەن کە دەکرێ لە ساڵی ١٣٨٧دا وەدی بێن بە مەرجێك زانیاریی تەواومان لە بارەیانەوە هەبێت و لە پێناو دەستەبەر کردنیاندا بە پێی بەرنامە خەباتیان بۆ بکەین. کۆمیتەی هاوئاهەنگی دەتوانێت لە ساڵی ١٣٨٧دا ببێتە سەنگێك لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و ڕۆڵێکی زۆر زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیەتی وەئەستۆ بگرێت.

" کۆمیتەی داکۆکی لە مەحمودی ساڵحی" کە لە دوای زیندانی کرانی ناوبراوەوە پێکهات، لە ماوەی یەك ساڵی ڕابوردوودا هەم لە بواری بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و هەم لەقاودانی لایەنە شاراوەکان ڕۆڵێکی چالاکی هەبوو و سات بە سات خەڵك و زۆربەی کرێکارانی لە لە بارودۆخی مەحمودی ساڵحی ئاگادار دەکردەوە. هەڵبەتە خەبات بۆ ئازادیی مەحمودی ساڵحی تەنیا تایبەت بە کۆمیتەی هاوئاهەنگی نەبوە و نییە و بە گوێرەی بارودۆخەکەی، ناوی ناوبراو هەروا لە سەرووی قسەوباسی بزووتنەوەی کرێکاریدا بوو و لە دەرەوە و ناوخۆی وڵاتیش زۆرترین چالاکییەکان بۆ گوشار خستنە سەر ڕژیم بەڕێوە چوون. ناوبراو وەکو یەکێك لە ڕێبەرانی کارامەی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئاستی جیهاندا ناسرا و سەرجەمی ئەوانە لە ئاکامی چالاکیی بەردەوام و پڕبایەخی سەرجەم دڵسۆزانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێراندا بەڕێوە بران. هەروەك ئاماژەم پێکرد "کۆمیتەی داکۆکی لە مەحمودی ساڵحی" ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو پەیوەندییەدا هەبوو کە ناکرێ هەروا بە سوك و سانایی لێی بڕوانین. هەڵبەتە خەبات بۆ ئازادی زیندانیان تەنیا بۆ مەحمودی ساڵحی نەبوو و هەوڵدان بۆ ئازادیی سەرجەم زیندانیەکان لە "ئۆسانلو"وە بگرە هەتا خوێندکارانی زیندانی هەر هەمووی لە جێگەی خۆیدا کاریگەر و پڕبایەخ بوو. دیارە کە لایەنگرانی سەرمایەداری تەنیا لە بەرامبەر لە قاودان و گۆڕینی بارودۆخەکە بوە کە هەتا ڕادەیەك لەم بوارەدا ناچار بە پاشەکشە بوون. بەڵام خاڵی جێگەی باس لێرەدا ڕۆڵی کۆمیتەی هاوئاهەنگییە. دوای سەرجەم ئەو

هەولانەی کە ئەو کۆمیتەیە بۆ ئازادی مەحمودی ساڵحی وەگەڕی خست، لە سەرەتای ساڵدا و لە گەڵ تەواو بوونی ماوەی زیندانی بوونی مەحمودی ساڵحی، ئەو کۆمیتەیە بانگەوازێکی بۆ کۆبوونەوە لە بەر دەرکی زیندانی شاری سنە و دواتریش لە بەردەم دادگادا راگەیاند کە سەرەڕای ئەوەی کە بانگەوازەکە لە کاتێکی پشوودا درابوو و لەگەڵ گرفتی هەواڵنێریی بەرەوڕوو بوو، پێشوازییەکی باشی لێکرا و گەورەترین هەنگاو لە پێناو گوشار هێنان بۆ ئازادیی مەحمودی ساڵحی هەڵێنرایەوە. ئەو کۆمیتەیە توانی تا رادەیەك چالاکانی دیکەی کرێکاریش لە شارەکانی ترەوە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگهێشت بکات و بەمچەشنە هاوپشتییەکی زۆرتر لە نێوان چالاکانی کرێکاریدا پێکهات. بە گشتی ئەم شێوە خەباتە هەتا ئازادیی مەحمودی ساڵحی درێژەی دەبێت، بەڵام ئەوەیکە لە پەیوەند لەگەڵ کۆمیتەی داکۆکی لە مەحمودی ساڵحی دەبێ وەك نمونە و ئاسۆیەکی روون لە بەر چاو بگیرێت، رۆڵی ئەو کۆمیتەیە لە پەیوەند لە گەڵ زیندانی بوونی چالاکێکی کرێکاریدایە. دوای ئازادیی مەحمودی ساڵحی ئەو کۆمیتەیە دەتوانێت ببێتە کۆمیتەی داکۆکی لە کرێکارانی زیندانی و یان دەکرێ نمونەی لەم چەشنە پێك بێنێت. ئەگەر ئێمە بتوانین کۆمیتەی داکۆکی لە کرێکارانی زیندانیمان هەبێت بۆ ئەوەی هەروەك کۆمیتەی داکۆکی لە مەحمودی ساڵحی و تەنانەت واوەتر لەویش بتوانێت بۆ ئازادیی کرێکارانی زیندانی چالاکی بکات، هەنگاوێکی گەورەمان لە پێناو بەرامبەرکێ لەگەڵ سەرکوتکاریەکانی رژیم هەڵێناوەتەوە. هەڵبەتە خەبات بۆ ئازادیی مەحمودی ساڵحی کە بۆ خۆی بوەتە یەکێك لە لایەنەکانی خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری، دەبێ هەتا ئازادیی ناوبراو لە گەڕ نەکەوێت و لە ئاکامدا بە گەشەی ئەو نمونەیە دەتوانین ئامرازێکی بەهێزتر بۆ خەبات لە دژی سەرمایەداران پێك بێنین. بە پێکهێنانی کۆمیتەیەك بۆ داکۆکی لە کرێکارانی زیندانی لە ساڵی ١٣٨٧دا دەتوانین قەڵغانێکی بەرگریکارانە بۆ چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری پێك بێنین و ئەوە هەنگاوێکی بەکردەوە و پڕ بایەخ و بەرەوپێش لە بزووتنەوەی کرێکاریدا دەبێت.

"یەکێتی کرێکارانی لە سەرکار دەرکراو و بێکار" لە راستیدا نەك بە پێی ناو و قەبارەی راستەقینەی خۆی بەڵکو وەکو یەکێك لە کۆمیتەکانی چالاکانی کرێکاری لە ماوەی چالاکییەکانی خۆیدا دەبێ بە دوو پێناسە بناسرێتەوە. یەکەمیان هەڵوێستێکە کە بە دوور کەوتنەوە لە سەرجەم کۆمیتەکان و چالاکانی کرێکاریەوە دەناسرێتەوە. ئەوان لە سەرەتای چالاکییەکانیاندا و لە کاتێکدا کە شورای هاوکاری پێك هات ئامادە نەبوون بەو شورایەوە پەیوەست بن و هاوکاریی لەگەڵدا بکەن. سەرەڕای ئەوەیکە لە پرۆسەی جموجۆڵی شورای هاوکاری و بە تایبەت لە سەردەمی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی رابوردوودا ئەو شورایە سەلماندی کە دەتوانێت لە خزمەت بزووتنەوەی کرێکاریدا کاریگەری هەبێت، بەڵام هەتا ئێستا بەو شورایەوە پەیوەست نەبوە و لە لایەکی دیکەوە هیچ چەشنە هاوکاری و یەکێتییەکی بەکردەوە لە لایەن ئەوانەوە لە گەڵ سەرجەم چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری نەبیندراوە و ئەوە وەك خاڵێکی لاوازی ئەو رێکخراوەیە دێتە ئەژمار و تەنیا دەبێ هیوادار بین کە چالاکانی ئەو رێکخراوەیە بتوانن لە

بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا راوەستن و بۆچوونی ئاوێتەبوونی بزووتنەوەکە بکەنە بەردی بناغەی گەشە و بەرەوپێش چوونی خۆیان. لە لایەکی دیکەوە بە هەوڵ و کۆششی ئەوان، لە پەیوەند لەگەڵ کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ بردنە سەرێی حەقدەستی گونجاو جموجۆڵێکی ئەرێیان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا پێك هێنا کە نە تەنیا دەبێ لە لایەن کەسانی دیکەوە پشتیوانی لێ بکرێت، بەڵکو دەبێ نمونەیەك بێت بۆ ئەو شێوە خەباتەی کە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا کاریگەری هەیە و بە رێژەیەکی زۆری کرێکاران لە جموجۆڵی بزووتنەوەکەدا بەشدار دەکات. ئەو داهێنانە خەباتەکەی لە چوارچێوەی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری ئەولاوەتر برد و بە رێژەیەکی زۆر لە کرێکاران داخوازی بردنە سەرێی حەقدەستەکانیان ئیمزا کردوە و هەروا ئیمزاشی دەکەن.

" شورای هاوکاریی رێکخراوەکان و چالاکانی کرێکاری" هەروا وەکو بنکەی یەکێتی بەکردەوەی چالاکانی کرێکاری دەمێنێتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٣٨٧دا بە کردەوە ئاسۆی بەهێزتر بوونی ئەم یەکێتییە و پەرەسەندنی ئەو بوونی هەیە. لە گەڵ پێکهاتنی شورای هاوکاریی زۆرکەس لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەو هاوکاری و ئەو یەکێتیە بە کردەوەیە دەوامی نابێ و شکست دەخوات. کەچی سەرەڕای سەرجەم بەربەستەکانی، ئەم شورایە لە پەیوەند لەگەڵ یەکێتی بە کردەوەدا کاریگەری هەبوو و بە کەڵك بوو. دوای تێپەڕینی ماوەیەك ئەم شورایە جێ پێی خۆی پتەو کردوە و تا رادەیەکی بەرچاو ئەو باوەڕەی پێك هێناوە کە شورای هاوکاری دەتوانێت بنکەی یەکگرتنی بە کردەوەی چالاکانی کرێکاری بێت. بۆ بەرپوەچوونی مەراسیمی ئەوەڵی مانگی مەی، زۆربەی نیگاکان لە سەر شورای هاوکاری بوون و لە راستیدا رۆژ بە رۆژ رۆڵی بە کردەوەی ئەم شورایە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا دەتوانێت لە جاران زیاتر بێت.

شورای هاوکاری نەتەنیا لە بەرەی خەباتی بە کردەوەدا دەتوانێت چالاك بمێنێتەوە بەڵکو بە بانگەشەی پێویستیی یەکێتی بە کردەوە و قسەوباس سەبارەت بەو دەتوانێت هەرچی زیاتر چالاکانی کرێکاری لە یەکتر نزیك بکاتەوە و ژمارەیەکی زۆرتر لە چالاکانی کرێکاری دەتوانێت لە خۆیدا کۆ بکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی سەرکوتکاریەکان و ئەزموونی دامودەزگای ئاسایشی رژیم بۆ سەر خوێندکاران، شورای هاوکاری و سەرجەم کۆمیتە کرێکاریەکان زیاتر لە پێشوو دەکەونە بەر شاڵاوی ئەو سەرکوتکاریانە کە نابێ لەو مەسەلەیە خافڵ بین. لەوەها بارودۆخێکدا پێویستیی ئاوێتەبوونی زیاتری کاری نهێنی لە گەڵ چالاکیی بە ئاشکرا زیاتر دەبێتەوە و بۆ درێژەدانی چالاکییەکان ناتوانرێت هەموو کەس و هەموو چالاکییەکان ئاشکرا بکرێن. هەروەك پێشووتریش ئاماژەم پێکرد، بە گوێرەی هاوسەنگیی هێزەکە کە هێشتا بە لای ئێمەدا نییە و رێکخراونەبوونی کرێکاران، ئێمە بە بەردەوامی تووشی خەسار دەبین و نابێ ئەو راستییە لە هیچ هەنگاوێکی بە کردەوەماندا لە بیر بکەین. رەچاوکردنی شێوەکاری گونجاو لە گەڵ راستییەکان و تواناکانمان،

هەرچی زیاتر ئێمە لە بەرامبەر پەلامارەکاندا دەپارێزێت. هەر بەو رادەیە کە باڵی رادیکاڵی بزووتنەوەی کرێکاری چالاکتر و بەهێزتر ببێت، هەستیاریی پشتیوانانی سەرمایەداریش زیاتر دەبێت. کەوابوو دەبێ بە پێی بنەماکانی بزووتنەوەکە جموجۆڵ بکەین و هیچکاتێکیش نابێ کۆسپ و تەگەرە ئەمنیەکان تەنانەت لە رێکخراوە کرێکاریەکان و شورای هاوکاریشدا لە بیر بکەین.

## بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان

بێگومان بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان پێشەنگی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانە و بۆچوونی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا جێگە و پێگەیەکی بەرچاوی هەیە. بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان جێ پێیەکی پتەوی هەیە کە بەرهەمی خەباتی سەنگەر بە سەنگەری چینایەتی و کاریگەریی بۆچوونی سۆسیالیستییە. ساڵانێك چالاکیی و رێکخستن و خەبات لە دژی رەوتە لارێ و ناسیۆناڵیستەکان، بزووتنەوەی کرێکاری زیاتر لە جاران رادیکاڵتر و شۆڕشگێڕتر کردوە. بەڵام هێشتا لە هەلومەرجی هێرشی هەمەلایەنە بۆ سەر سەرمایەداری دا نییە و دەخوازێ هەرچی زیاتر و بە شێوەیەکی راستەقینەتر رێگەکانی پێشڕەوی تاوتوێ بکەین.

یەکێك لەو هۆکارانە کە دەتوانێت بزووتنەوەی کرێکاری لە بەرامبەر سەرمایەداریدا پتەوتر بکات و مەجاڵی پێشڕەوی بۆ بڕەخسێنێت، بێگومان رێکخراوبوونیەتی. هەرچەندە لە کوردستان بۆچوونی سۆسیالیستی بۆ خۆی بەشێك لە بزووتنەوەی کرێکاری رێکخستوە، بەڵام بە سەرنجدان بە هەلومەرجەکە پێویستە رێکخراوی جەماوەریی کرێکاری پێك بێت کە زۆربەی کرێکاران لە دەوری داخوازیە ئابووریەکانیان کۆ بکاتەوە. کۆمیتەی هاوئاهەنگی لە کوردستان رێژەیەك ئەندامی بەرچاوی هەیە بەڵام ئەم کۆمیتەیە ناتوانێت جێگای سەرجەم رێکخراوەکانی پێویستی کرێکاران بگرێتەوە و زیاتر ناوەندێکی بەهێزە لە خزمەت رێکخراوتر کردنی سەرجەم کرێکارەکانی دیکەدا. هەرچەندە کە ئاستی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکە لە سەرەوەترە بەڵام تایبەتمەندیی دیکەش هەن کە بە بێ لە بەر چاو گرتنی ئەوان، پێکهێنانی رێکخراوی جەماوەریی کرێکاران لە کورستان وەدی نایەت. کوردستان ناوچەیەکی پیشەسازیی نییە و لەوێدا تەنیا چەند کارخانەیەکی تێدان. هەرچەندە هەر لەو کارخانانەدا نارەزایەتی و مانگرتنی زۆریش لە ئارادابوون، بەڵام هەرواش لە رێکخراوی خۆیان بێبەرین و بوونی چەند نوێنەرێك بۆ ئەوان بەس نییە. لەوێدا دەکرێت بە یارمەتی چالاکانی کرێکاری و کۆمیتەی هاوئاهەنگی ناوچەی خۆرئاوا، رێکخراوی کرێکارانی رستن و چنین پێك بێت. بەڵام ئەوەیکە دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندیەکانی ناوچەی کوردستان، پیشەسازی نەبوونی ئەو ناوچەیەیە. زۆربەی کرێکارەکان کە تەنانەت هێزی کاری پسپۆڕ و شارەزاشن، بۆ کاری وەرزی دەچنە شوێنەکانی دیکە. زۆربەی کرێکارەکان بێکار و ژمارەیەکیشیان

به شێوەی پەرش و بڵاو خەریکی خزمەتگوزاری نێو شارەکانن. بێکاری زۆربەی کرێکارانی ناچار کردوە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان دەست بدەنە دەست فرۆشی و یان خەریکی پیشە و کاری لاوەکی بن و خێڵێکی بەرینی لە نیوەی پرۆلتێرەکان پێك هێناوە. ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران لە ئاواییەکاندا بە ئیجارە کردنی زەوی کشت و کاڵ و بە نیوە کاری و سەپانی لە سەر زەوی و زاری کەسانی تر ژیان بە سەر دەبەن و جوتیار و فەلای زۆر هەژاریش لە پاڵدەستی کرێکاراندا هەن کە لە گەڵ ئەوان بەرژەوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە. بە گوێرەی ئەم تایبەتمەندییە، سەرەڕای ئاستێکی بەرزی خەباتیش لە کوردستان زۆربەی کرێکارەکان ڕێکخراو نین و لە ئاکامدا ڕەوتی خەباتەکەیان تووشی خەسار بوە و زۆریش پەرش و بڵاون. هەروەك بۆچوونی سۆسیالیستی بە دروستی و لە سەر بنەمای هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەکەی خۆی لە کوردستان ئاڵترناتیوی بزووتنەوەکەی بە دەسەڵاتداریێتی شوراکان لە قەڵەم داوە، پێویستە هەل و دەرفەتی وەدیهاتنەکەی بە سەرنجدان بە هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانی کوردستان تاوتوێ بکەین. هەرچەندە لە کوردستان کرێکاری پیشەسازیی زۆری لێ نییە و ئەوەش خاڵی لاوازی بزووتنەوەی کرێکاری لەو ناوچەیەدایە، بەڵام هەروەك ئاماژەی پێکرا ئاستی باڵای بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانێت ئەو خاڵە لاوازە قەرەبوو بکاتەوە. دەکرێ لە گەڕەکە کرێکاریەکاندا، شورای گەڕەکەکان پێك بێت. ئەم شورایانە دەتوانن هەل و دەرفەتێکی گونجاو بن بۆ خەبات و بەدواداچوونی داخوازیەکانی ئەو کرێکارانەی کە ئێستا پەرش و بڵاو بوونەتەوە. ئەم شورایانە کرێکارانی پەرتەوازە هاوئاهەنگ و یەکگرتوو دەکەن و دەتوانن داخوازیە گشتییەکانی ئەوان دەربڕن. ئەو شورایانە دەتوانن لە دەربڕینی داخوازیەکانی گەڕەکەکان ئەولاوەتر بچن و بکەونە شوێن داخوازیەکانی وەکو بردنە سەرێی حەقدەستەکان بە شێوەیەکی گونجاو و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کاتیەکان و هتد. پێکهێنانی شورای لەم چەشنە پەیوەندیی نێوان کرێکاران پتەوتر دەکات و هێزێکی بەرچاو ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بێنە گۆڕەپانی خەباتی بە کردەوە. تەنانەت خەبات بۆ پێکهێنانی شورای گەڕەکەکان لە نێو کرێکاراندا جموجۆڵ پێك دێنێت و کاریگەریی ئەرێیان لە سەر دادەنێت. خەباتی چینایەتی لە کوردستان بە گوێرەی هەلومەرجێك کە کوردستان هەیەتی بە توندی پێویستی بە وەها بنکە و پێگەیەك هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت پەرتەوازە بوونێك کە لە ئاکامی پیشەسازیی نەبوونیەوە تووشی بوە، قەرەبوو بکاتەوە. زۆربەی کرێکاران تەنانەت پیشەیەکی فەرمیشیان لەو ناوچەیە نییە و ژمارەیەکیش کرێکارانی بارهەڵگرن کە لە لایەن قاچاخچیەکانەوە کاریان پێدەکرێت و لە بنەڕەتدا کارەکەشیان یاسایی نییە. ژمارەیەکیان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان و پەیدا کردنی پاروە نانێك دەست دەدەنە کڕین و فرۆشتنی گازۆئیل و بەنزینی قاچاخ و ئەوانە ئەو نیوە پرۆلتێرانەن کە هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەیان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان نییە. لە کوردستان ڕێژەیەکی زۆری کرێکاران بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ئوستانەکانی(پارێزگا) دیکە کار دەکەن زۆرتر لە پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوەی وەکو ئارماتۆربەند،قالب بەند، کرێکاری سادە و ... خەریکی کارن و بنەماڵەکانیشیان

له کوردستانن و بۆ خۆشیان له ماوەی بێکاری و پشوودانیان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. ڕێژەی بێکارانیش له کوردستان زۆر له سەرەوەیە. خۆ دیاره که سەرجەم ئەوانە ناکرێت له شوێنی کارەکەیاندا ڕێکبخرێن، هەر بۆیە شورای گەڕەکەکان له کوردستان دەتوانێت بنکەیەکی گونجاو بێت بۆ ئەوان. بەڵام هەرواش نییە که ئێمە بە سانایی بتوانین سەرجەمی ئەوانە وەدی بێنین و دەبێ تایبەتمەندیی هەر گەڕەك و شارەش بۆ خۆی له بەر چاو بگیرێت. لەوانەیە له شارێکی بچوك دا بکرێت شورای کرێکاریی شاریش پێك بێت و یان له هێندێك له شار و گەڕەکەکان لەوانەیە نەتوانین شورایەك پێك بێنین، چونکە تەنیا و تەنیا هەر ئەوە نییە بڵێین چونکە دەمانەوێت دەتوانین له سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا شورا پێك بێنین. له هێندێك له ناوچەکاندا بواری پێویست بۆ پێکهێنانی شورا ئامادە نییە و پێویستە بزووتنەوەکە پێشڕەویەکی زۆرتر بکات بۆ ئەوەی هەل و دەرفەتی گونجاو بڕەخسێت، هەر بۆیە دەبێ ڕێگەچارەیەکی دیکە بگرینە بەر. کۆمیتەکانی کرێکاری گەڕەکەکان و یان شارە چکۆڵەکان و ئاواییەکان دەتوانن جێگرێکی باش بن بۆ ئەوان و بۆ ئەو ناوچانەی که جارێ هەلی پێکهێنانی شورا کرێکاریەکانیان تێدا نییە. کۆمیتەکانی کرێکارانی گەڕەکەکان و یان هەر ناوچەیەك بە دەستەوەترین شێوازی بەڕێوەبردنی پەیوەندیی نێوان چالاکانی کرێکارییە و ئەوەش خۆی چەشنێك ڕێکخراوە که هەم دەتوانێت له گەڵ شوراکان هاوکاری بکات و هەم لەگەڵ سەرجەم کۆمیتەکانی دیکە. بە گشتی کۆمیتەی کرێکاری چەشنێك ڕێکخراوە که له هەڵسەنگاندن له گەڵ شوراکان له ئاستێکی له خوارەوەتر دایە و بەرهەمی دەنگدان و بەشداریی سەرجەم کرێکاران له ناوچەیەکدا نییە، بەڵام شوێنێکە که بە سەرنجدان بە هەلومەرجەکە دەتوانێت بە باشی له خزمەت بزووتنەوەی کرێکاری دابێت. له لایەکەوە هەم دەتوانێت بە شێوەیەکی نهێنی بێت و هەم نیوە شاراوە و نیوە ئاشکرا و هەم دەتوانێت هەوڵبدات و خەبات بکات بۆ پێکهێنانی شورا و هەم بۆ خۆیشی چەشنێك ڕێکخراوە که له هەلومەرجی ئێستادا بە کار دێت. لەو پەیوەندییەدا کۆمیتەی هاوئاهەنگی ناوچەی خۆرئاوای ئێران و یان سەرجەم چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت. کۆمیتەی ناوچەی خۆرئاوای کۆمیتەی هاوئاهەنگی، لەوانەیە بتوانێت ژمارەیەکی زیاتر له کۆمیتەکان له ناوچەی کوردستاندا پێك بێنێت و هەڵبەتە ئەو کۆمیتانە چ له کۆمیتەی هاوئاهەنگی دابن و چ سەربەخۆ له کۆمیتەی هاوئاهەنگیش بن، له ئاکامدا له خزمەت بە پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاریدا دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت. سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمیتەکان و شوراکانی کرێکاری له ناوچەی کوردستان بە هیچ شێوەیەك نابێ پێمانوابێت که له بەر دەست دانین و یان کەم بایەخن. ئەگەر شوراکان و کۆمیتەکانی گەڕەکەکان و شار و ئاواییەکان پێك بێن، بزووتنەوەی کرێکاری دەبێتە خاوەنی ڕەگ و ڕیشەیەکی بەهێز و پتەو و له داهاتووی خەباتی چینایەتیدا دەتوانێت هاوسەنگیی هێزەکە بە قازانجی کرێکاران بشکێنێتەوە. له کوردستان ئامادەیی زەینی بۆ ڕێکخراو بوونی کرێکاران بوونی هەیە و زیاتر دەبێ شێوازی گونجاو بە سەرنجدان بە بارودۆخ و شوێنەکەی بۆ بدۆزرێتەوە. بە سەرنجدان بە پیشەسازی نەبوون

و پەرتەوازە بوونی کرێکاران لە کوردستاندا نمونەی پێکهێنانی کۆمیتە کرێکاریەکان دەتوانێت تا رادەیەکی زۆر ئەو پەرتەوازەبوونە بە لانیکەمی خۆی بگەیەنێت و کرێکارانیش وە جموجۆڵ بخات.

## ئاسۆی ژنانی کرێکار لە بزووتنەوەی ژناندا

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران هەروەکو بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم بزووتنەوەکانی دیکە لە ساڵی هەشتا بەم لاوە پێشڕەوی و نمودی کۆمەڵایەتی بەرچاوی هەبوە. بەڵام ئەوەیکە ئەو بزووتنەوەیەی بە بێ لە بەرچاو گرتنی تایبەتمەندیەکانی لە بزووتنەوەی کرێکاری دوور کردوەتەوە، هەلومەرجە پۆپۆلیستیەکەیەتی. هەرچەندە کە هەڵوێست و بۆچوونی جۆراوجۆر لەو بزووتنەوەیەدا هەن و چالاکانی سۆسیالیستیش لەودا رۆڵێکی بەرچاویان هەیە بەڵام بە هۆی نەبوونی ریزی سەربەخۆ و رێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان، جێگاوشوێنێکی بەرچاو و هەست پێکراویان نییە. ئەو هێزانەی کە بەرەی بەربڵاوی رەوتە پۆپۆلیستیەکان پێك دێنن و تەنانەت بۆچوونە لیبراڵیەکان کە لە بزووتنەوەی ژناندا پەرە بە روانگەیەکی غەیری چینایەتی دەدەن، وەکو لایەنگرانی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا ریزیان بەستوە و لە ئاکامدا رێکخراوتر و بە بەرنامەترن. داخوازیەکانی لایەنگرانی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا لە چاکسازی لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەوە ئەولاوەتر ناچێت و تەنیا جارجارە یاساکانی حقوقی دەباتە ژێر پرسیارەوە و ناتوانێت لەوە واوەتر بچێت. بەڵام ژنانی کرێکار پێویستییان بە دەربڕینی ئەو داخوازیانە هەیە کە زۆر سەرەوەتر لەو داخوازیانەیە کە کەمپەینیەکان گەڵاڵەی دەکەن. دەکرێ لە بەرامبەر نەهێشتنی پۆششی زۆرەملێدا رێکخراو بین. ئەوە داخوازییەکە کە هەم ئەولاوەتر لە چاکسازی لە یاساکانی ئیسلامی دایە هەم داخوازێکی کۆمەڵایەتی و راستەقینەشە. لە لایەکی دیکەوە داخوازیەکانی ژنانی کرێکار و رزگاریی ژنان بە گشتی، بنەچەکەی لە پێکهاتە و پەیوەندییەکانی سەرمایەداری دایە کە لە ژێر دەسەڵاتداریێتی یاساکانی دادوەریی ئێراندا ئەو گرفتە شێواز و لایەنی زۆر ئاڵۆزتری بە خۆیەوە گرتوە. لە ئێران تەنیا نزیکەی ١4 لە سەدی ژنان وەك ژنانی لە سەر کار هەژمار دەکرێن و ئەو ئامارەش قووڵایی کارەساتەکە نیشان دەدات. زۆربەی ژنانیش سەرەڕای کاری وەك یەك حەقدەستێکی زۆر کەمتر وەردەگرن و لە چاو پیاوان لە هەلومەرجێکی زۆر نالەبارتر دان. لە سەر ئەو ئەساسە دەربڕینی داخوازیی بارودۆخی ئابووریی بەرابەر لە گەڵ پیاوانیش نەتەنیا داخوازیی زۆربەی ژنانە، بەڵکو پەیوەندییەکانی سەرمایەداریش دەباتە ژێر پرسیارەوە. ئەو راستییە کە سەرمایەداری تەنانەت لە پێشکەوتووترین شێوازی خۆیشیدا ناتوانێت بارودۆخی ئابووریی ژنان و پیاوان وەکو یەك لێ بکات، لە بارودۆخی دەسەڵاتداریێتی سەرمایەداریی ئێران چەند بەرابەر هەست پێکراوتر و پڕڕەنگترە و هەر بۆیە دەکرێ بە کۆکردنەوە و هاندانی ژنان لەو بوارەشدا ریزی سەربەخۆی ئەوان لە بەرامبەر ئیدئۆلۆگەکانی لیبراڵی بزووتنەوەی ژنان پێك بێن

و بۆ رزگاریی راستەقینەی ژنان هاورێ لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاری خەباتێك وەرێ بخرێت. ئاسۆی خەبات لە بزووتنەوەی ژناندا ئەو مەجالەی رەخساندوە تاوەکو دابڕان لە لیبرالیزم بێتە دەستووری کاری چالاکانی سۆسیالیستەوە و لە بزووتنەوەی ژناندا بە روانگەیەکی دیکەوە چالاکی بکەن.

هەرچەندە رێژەی ژنانی کرێکاری رێکخراو لە کۆمیتەکانی کرێکاریدا زۆر نییە بەڵام بە روانگەیەکی گونجاوەوە دەتوانرێت بەشێك لە چالاکانی کۆمیتەکان بۆ بزووتنەوەی ژنانی کرێکار تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ بزووتنەوەی کرێکاری باسی بزووتنەوەی ژنانیش بکرێت و بەم چەشنە روانگەی چینایەتی بوونی بزووتنەوەی ژنان پڕڕەنگ بکرێتەوە. ئەو ژنانەی کە بۆ خۆیان لە چالاکانی کرێکارین بە رێکخستنی بەشێك لە رێکخراوی چالاکانی کرێکاریی کۆمیتەکان دەتوانن لە هەر دووك بەرەی خەباتی چینایەتی (بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان) چالاك بن و بەم چەشنە سەنگی رادیکاڵی خەباتی کرێکاریی بەرنە سەرێ. زۆر کەسی دیکە لە ژنانی کرێکار و کرێگرتە کە بە شێوەی سەربەخۆ و یان لە کۆڕ و کۆمەڵی دێموکراتیکدا چالاکییان هەیە، بە پەیوەندیی هەرچی زیاتر لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و چالاکانی کرێکاریی رێکخراو لە کۆمیتەکاندا دەتوانن خەباتی بزووتنەوەی ژنان هەرچی زیاتر رادیکاڵ بکەنەوە. نابێ لە نێوان بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوی کرێکاریدا پەرژێنێك دروست بکرێت و نابێ بێینە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو دوو خەباتە دەکرێ بە شێوەیەکی جیاواز لە یەکتری و بە بێ پەیوەندی لەگەڵ یەکتریش لە ئارا دابن. هەرچەند بزووتنەوە دێموکراتیکەکان و لەوانە بزووتنەوەی ژنان زیاتر لە بزووتنەوەی کرێکاری دوور بکەونەوە، ئەگەری دزە کردنی لیبراڵیزم لەودا زۆرتر دەبێت. پەیوەندیی بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری نە تەنیا سەربەخۆیی بزووتنەوەی ژنان ناباتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێز کردنی هەردووك بزووتنەوەکە. پشتیوانیی بەرامبەری بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان لە یەکتری، یارمەتییەکی بەرچاو دەکات بە بەرەوپێشچوونی هەردووك بزووتنەوەکە. بزووتنەوەی ژنان بۆ پێشڕەویی خۆی دەبێ لە چەند بەرەدا خەبات بکات. لە لایەکەوە خەبات بۆ سڕینەوەی یاسا دواکەوتوەکان، لە لایەکی دیکەوە خەبات بۆ بەرابەریی ئابووری لە گەڵ پیاوان و سەرەنجام خەبات لە نێوخۆی بزووتنەوەی ژناندا بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە رزگاریی ژنان بەستراوەتەوە بە لە ناوچوونی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری. لیبراڵیزم هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ژنان لە بزووتنەوەی کرێکاری جیا بکاتەوە و هەر چەشنە رەنگ و بۆنێکی چینایەتی لێ بسڕێتەوە. لیبراڵ فمینیستەکان بە خستنە رووی تێئۆری ژنان وەکو چینێك، هەوڵ دەدەن ئەوان بە شێوەیەکی جیا لە پەیوەندییە راستەقینەکانی چینایەتی کە ئێستاکە باون، نیشان بدەن و بەر بەوە بگرن کە ژنان لە خەباتی چینایەتیی روو لە گەشەی خۆیاندا بەشداری بکەن. دەبێ هەرچی زیاتر ئەو راستییە بسەلمێت کە ژنانی کرێکار دەتوانن هەم لە

بزووتنەوەی ژناندا چالاك بن و هەم لە بزووتنەوەی کرێکاریشدا و ئەم دووانەش نەك نابێ وەك ناتەبای یەکتری بەڵکو دەبێ وەك تەواوکەری یەك لە قەڵەم بدرێن.

ژنانی کرێکار دەتوانن لە کۆڕوکۆبوونەوەی وەك " شورای هاوکاریی رێکخراوەکان و چالاکانی کرێکاری"دا نوێنەریان هەبێت و سەرەڕای سەربەخۆیی رێکخراوەیی خۆیان، لە گەڵ چالاکانی کرێکاریش لە پەیوەندی دابن. ئەوان دەتوانن لە یەکێتی بە کردەوەدا لەگەڵ چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان بەهێز بکەن و دەبێ تا دەکرێت ئەو راستییە زیاتر پیشان بدرێت کە بزووتنەوەی کرێکاری بزووتنەوەیەکی پیاوانە نییە و دەبێ کرێکاران بزانن کە بە بێ بەشداریی ژنان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا سەرکەوتن مسۆگەر نابێت.